خەزعەلی:عێراق سیاسەتی هاوسەنگی لە پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی پەیڕەو دەکات

ئەمڕۆ دووشەممە، شێخ قەیس خەزعەلی ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی عەسائیبی ئەهلی حەق، دووپاتی کردەوە کە عێراق سیاسەتی هاوسەنگی لە پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی پەیڕەو دەکات.
نووسینگەی ڕاگەیاندنی شێخ خەزعەلی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە " لە میانی دیدارێکیدا لەگەڵ باڵیۆزی تورکیا لە عێراق، عەلی ڕزا گوینای، لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا، شێخ قەیس خەزعەلی ئامادەیی حکومەتی عێراق بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی دەستوری خۆی دووپاتکردەوە بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی خاکی عێراق وەک خاڵی دەستپێک بۆ هێرشکردن لە وڵاتانی دراوسێ یان ئەنجامدانی هێرشەکان بۆ سەریان. هەروەها وتی"عێراق سیاسەتی هاوسەنگی پەیڕەو دەکات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەری خۆی لەناوچەکە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەقامگیری خۆی و گەیشتن بە خواستەکانی گەلی عێراق.

هەروەها گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لە بەڕێوەبردنی سەرجەم پرسە هاوبەشەکان بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا دووپاتکردەوە، کە بەپێی دیدگایەکی واقیعی، دوور لە هەر دەستوەردانێکی لایەنەکانی دیکە بێت، وداواشی لە ئەنقەرە کرد کە بە جددی و خێرا بە پشکی ئاوی

عێراقدا بچێتەوە و ڕێز لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و پەیمانەکان لەم بوارەوە بگرێت.

لەبەرامبەردا باڵیۆزی تورکیا "سوپاسی خۆی بۆ گرنگیدانی شێخ قەیس خەزعەلی بۆ چەسپاندنی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا بەپێی ئەو دیدگایانەی کە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بەدی دێنن راگەیاند، وڕۆڵی شێخ خەزعەلی بە گرنگ وسەرەکی لە دەوڵەتی عێراقدا وەسف کرد و ئەمەش ڕەنگ دەداتەوە لەهەنگاوەکانی نیشتمانی جددی بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی پێشەنگی عێراق لە ناوچەکە و جیهاندا.